کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-3-2007 1:49 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## تاڵەبانی دەست لە سەرۆکایەتی عێراق دەکێشێتەوە: ئەوەی سەرەوە ناونیشانی هەواڵێک بوو دوێنێ 2007-2-28 لە سایتی ئاژانسی هەواڵەکانی کوردستان بڵاوکرایەوە.

بە پێی ئەو هەواڵە بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی بە نیازە دوای گەڕانەوەی لە ئەردەن دەست لە سەرۆکایەتی عیراق بکێشێتەوەو بەڕێز دکتۆر بەرهەم دەستنیشانکات بۆ ئەو پۆستە.
هەمان سەرچاوە ئاماژەی ئەوەی کردوە کە تاڵەبانی دوای ڕێکخستنەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەست لە سکرتێری یەکێتیش دەکێشێتەوەو نیازی نیە پشتگیری کوڕی خۆی یان هێرۆخان بکات بۆ ئەو پۆستە. لە درێژەی هەواڵەکەدا ئاماژە بۆ هەریەک لە بەڕێزان کاک کۆسرەت و دکتۆر بەرهەم و کاک ئازاد جوندیانی کراوە بۆ پۆستی سکرتێری گشتی.
ئاژانسی هەواڵەکانی کوردستان بەردەوام دەبێت و دەڵێت، بە ڕێز تاڵەبانی پشتگیری لە ڕێکخراوی (ڕابوون) دەکات بۆ چاکسازی لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و (شانەکانی ڕابوون) ڕۆڵی یەکلایی کەرەوە دەبینن لە داهاتوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

## بۆ بەدواداچونی ئەو هەواڵانە کوردستان نێت کە تا ئەمڕۆ کەناڵی سەرەکی ڕاگەیاندنی (ڕابوون) بوە بە باشی زانی پەیوەندی بگرێت لەگەڵ هاوڕێ نوری قسەکەری بزوتنەوەی (ڕابوون) .

هاوڕێ نوری سەبارەت بەدەست کێشانەوەی بەریز مام جەلال لە پۆستی سەرۆکی عێراق، ئەگەرێکی وای بە دوور نەزانی، وەک ئەو ووتی مام جەلال هەم ماندووە هەم بارودۆخی عێراق ڕێگەی ئەوە نادات بەڕیزیان تواناکانی خۆیان وەک پێویست بەکار بهێنن. سەبارەت بە دکتۆر بەرهەم بۆ پۆستی سەرۆکی عیراق هاوڕێ نوری ووتی ڕوداوەکانی ئەم ساڵانەی ڕابردوو ئەوەی سەلماند کە دکتۆر بەرهەم زۆر بە وریایی و چالاکی ئەرکەکانی خۆی ڕاپەراندوە، جگە لە لێدوانەکەی لەسەر ڕاپۆرتی بێکەر هامیلتۆن هەموو کارەکانی تری جێگەی ستایشە. بۆیە شایانی ئەو پۆستەیە. ئەگەر چی من خۆم وای بەباش دەزانم توانا و وزەی کورد هەموی بخرێتە هەرێمی کوردستان.
سەبارەت بە دەست کێشانەوەی مام جەلال لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کاندیدی پۆستی سکرتێری گشتی، هاوڕێ نوری ووتی، گومانی تیا نیە کە نەخشی بەڕێزیان لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی خەڵکی کوردستان نەخشێکی بەرچاوو کاریگەر بووە لەناو یەکێتیشدا لە زیندوەکاندا پشکی شێر بەر ئەو دەکەوێت. ئێستاش سەرکردەی وای پێگەیاندوە کە بتوانێت بە دڵنیایەوە پەیامەکەی بداتە دەست و کارەکانی ئەو تەواو کات.
بەو کارەی گەورەترین سەروەری و شانازی بۆ خۆی و یەکێتی تۆمار دەکات و ئەو بڕیارەش دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە مام جەلال خۆی پشتگیری لە ڕێکخراوی ڕابوون دەکات هاوڕێ نوری ووتی (ڕابوون) ڕێکخراو نیە بزوتنەوەیەکی ریفۆرمیستی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، بۆ چاکسازی و یەکڕیزی.
مام جەلال بە هۆی ئەو پێگەیەی هەیەتی دەتوانێت کاریگەرترین کەسی ناو یەکێتی بێت و ڕێگای دووری ریفۆرم نزیک کاتەوە، (ڕابوون) پێکهاتەیەکی ریکخراوی نیەو جیاواز نیە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
(ڕابوون) هەر لە سەرەتاوە دژی دروستکردنی ڕێکخراوێک بوە لە ناو یەکێتیداو ئەوەی بە پارچە پارچە کردنی یەکێتی زانیوە. دواجار ووتی بەم زوانە کارنامەی بزوتنەوەی ڕابوون دەخرێتە بەر چاوی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەندامانی یەکێتی ئەو کارنامەیە بە ڕوونی ئەجندای (ڕابوون) دیاری دەکات. تەمەنی ڕابوون تا ئەو کاتەیە کە یەکێتی بەسەرکەوتویی چاکسازی لەناو ڕیزەکانی خۆیدا دەکات و دوای ئەوە ڕابوون هەوڵ ئەدات ببێتە بزوتنەوەیەکی چاکسازی جەماوەری لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.